# ئاگادار کردنەوەیەك بۆ سەرکردایەتی

# پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیتی نیشتمانی کوردستان

جەنگی خویناویو کۆنەپەرستانەی ئەمریکا لە دژی عیراق گەیشتوەتە لیواری قەومان، دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا هەرەشەی کوشتارو ویرانکاریەکی بێوینە دەکەن، تەنانەت بەوپەری درندەیتیەوە هەرەشەی بەکارهینانی چەکی ئەتۆمی دەدەن بە گوێی دنیادا. لەولاشەوە رژیمی فاشیستی صدام رادەگەیەنێ کە سوپای ئەمریکاو هاوکارانی پێ بنێنە هەر جیگایەگ بە هەموو تواناو بێ دەستپاراستن رەشو سپی خاپوری دەکات. ئەمریکا خۆی باسی هەبوونی چەکی کۆکوژ دەکات لەبەردەستی رژیمی بەعسو بە روالەت ئەمە بەهانەی ئەصلی شەرەکەیەتی، گومانیش لەوەدا نیە کە صدامی خوینریژ ئەوپەری بە ئەندازەی ئەمریکا پرەنسیپو ئەخلاقیاتی هەیە بۆ مامەلە لەگەل چەکی کۆکوژ. بەم مانایە لە ئیستاوە خەلکی ئەم ناوچەیە لە نیو بەرداشتی پیشبرکێی بەکارهینانی چەکی کۆکوژدا قەراریان گرتووە.

ئیوە وەکو هەمیشەو بێ گویدانە هیچ پرەنسیپیکی ئینسانیو ئەمنیەتو ژیانی خەلکی کوردستان، خۆتانو چارەنوسی کۆمەلگاتان گریداوە بەم شەرەی ئەمریکاوە. دەستتان داوەتە بردنەپیشی سیاسەتو کرداریك کە کوردستان پال پیوە دەنێ بۆ نیو ئەم شەرو مسابقەی کوشتاری بە کۆمەلە، لەوانە: ئامادەیتان نیشانداوە بۆ هاوکاری ئەمریکا ئەگەر پیویستی پیتان بیت، لە دەزگاکانی راگەیاندنتانەوە تەپلی شەر دەکوتن، لە چوارچیوەی نەخشەی ئەم جەنگەدا خەریکن دەستەو تاقمە قومیو ئیسلامیەکانی سەر بە ئەمریکاو جەنەرالە کۆنەبەعسیە تاوانبارەکان دەهیننە کوردستان بە ناوی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیونی عیراقیەوە، هەروەها دەستی سوپای ئەمریکا رادەکیشنو فرۆکەخانەی بۆ دروست دەکەن. هەندیك لەمانە ئیوە پیتان وایە دور لە چاوی خەلك بەریوە دەچیت، بەلام لای هەموو کەس ئاشکرایە.

ئایا ئیوە بیرتان لەوە کردوەتەوە کە بەم سیاسەتو هەنگاوانەتان خەریکن کوردستان دەکەن بە مەیدانیکی ئەصلی شەریکی خۆیناویو مال ویرانکەر؟ بەم جۆرەش ئیوە دەبنە هۆکاری ئەوەی کە کوردستان بەکیش بکەن بۆ ناو ئاگری شەریکی خویناویو پیشبرکێی چەکی کۆکوژ. کاتی خۆی ئەنجامی راکیشانی کوردستان بۆ ناو جەنگی ئیرانو عیراق کارەساتی هەلەبجەی لی کەوتەوە، بەلام بەکیش کردنی بۆ ناو ئەم جەنگە کارەساتیکی زۆر گەورەتری لی دەکەویتەوە.

ئیستا سیاسەتو بریاری ئیوە وەکو دەسەلاتداری کوردستان، دەتوانێ ببیتە مایەی لەخوینهەلکیشانو سوتاندنی ئەم کۆمەلگایە. ئیوە لە پیناوی چی ئەم قومارە بە ژیانو چارەنوسی خەلکەوە دەکەن؟ حکیمو چەلەبیو سامەرایی ئومیدی خۆیان گریداوە بەوەی کە لە ریگای ویرانبوونی بەغدا بە چەکی ئەتۆمیەوە خۆیان بگەیەنن بە کورسی دەسەلات؟ بەلام خۆ ئیوە کورسی دەسەلاتتان لەژیرە ئیتر بۆ کوردستان دەکەنە مەیدانی ئەم جەنگە؟ ئەو سیاسەتەی ئیوە گرتووتانەتەبەر نەك هەر هیچ بەرژەوەندیو کەلکیکی بۆ خەلکی کوردستانو عیراق نیە، بەلکو ئەم کۆمەلگایە دەخزینێ بۆ ناو شەرو سیناریۆیەکی ترسناك، دەیخاتەبەردەم هەرەشەی چەکی کۆکوژ، ملیونەها خەلك دوچاری کوشتارو مەرگو ئاوارەییو دەربەدەری دەکات، کۆمەلگاو بنەماکانی ژیانی خەلك نابوت دەکات، ئەمە خەتایەکی زۆر گەورەیە ئیوە دەیخەنە ئەسئۆی خۆتان، ئیوە مسئول دەبن لەو تراژیدیەی بەسەر خەلکدا دیتو میژوو لیتان خۆش نابیت.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بە هەموو توانا تیدەکۆشیت بۆ دورخستنەوەی هەرەشەی ئەم جەنگە کۆنەپەرستانەیەو چەکی کۆکوژ لە هەموو خەلکی عیراق. بەلام لە پەیوەند بە کوردستانەوە من لە روانگەی بەرژەوەندیو ئەمنیەتی خەلکەوە بە پیویستی دەزانم ئەم ئاگاداریە بە ئیوە بدەمو پیتان رابگەیەنم کە دەست لەو سیاسەتو کردەوانە هەلگرن، ئەگەر لە پال ریزی ملیونەها خەلكو هەزاران حیزبو ریکخراوەی دژی جەنگەوە پشتی خواستی ئازادیخوازانە بۆ بەرگرتن لە جەنگ ناگرن، لانی کەم بۆ ئەوەی کۆمەلگای کوردستان نەبیتە مەیدانی ئەم کابوسە ترسناکە، دەست لە هاوکاریو پشتیوانی شەری ئەمریکاو هوتافکیشان بۆ جەنگ هەلگرن. ئەم بەلایە لە خەلکی کوردستان دورخەنەوە. ئەمە لایەنی کەمی هەلویستیکی مەسئولانەیە بەرامبەر ژیانو مانو نەمانی خەلکی کۆمەلگایەك کە ئیوە تیایدا دەسەلاتدارن.

*ریبوار ئەحمەد/ 30ی کانونی یەکەمی 2003*